بەڕێز حەکیم.. مەسیحییەکان لە پێکهاتەی عێراق گرنگی خۆیان هەیە و داواکارین کەسە کۆچبەرەکانیان بەخواستی خۆیان بگەڕێنەوە

لەسەردانێکدا لە ڕۆژی یەکشەممە بەرواری 2022-12-25 بۆ چەند کڵێسەیەکی بەغدای پایتەخت وەك (کڵێسەی مار بتورس و کڵێسەی مار کۆرکییس کلدانییەکان و کڵێسەی یەکێتی ئینجیل و کڵێسەی ماریوسفی سریانەکان و کڵێسەی کاتدرائی سەیدەی زهوور و کڵێسەی مەعمەدانی کرد، لەم کۆبوونەوەدا عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی بەبۆنەی ڕۆژبوونی پێغەمبەری سەیدی مەسیح لەگەڵ پێغەمەبەری ئێمە سڵاوی لێبێت ، پیرۆزبایی مەسیحییەکان کرد و هیوای ساڵێکی پڕ خۆشی و ژیانێکی ئاسوودەو و پڕ لە ڕووداوی خۆشی لێکردن و دووپاتی کردەوە کە یادی سەیدی مەسیح هەلێکە بۆ ئاهەنگ گێران و بەم بۆنەیەوە و پێویستە ئەو ڕێڕەوەی ئەوان وەك بنەماو بەرنامەیەك پەیڕەوی بکریت و ڕەوشتە بەرز و ڕووناك کەرەوەکەی ببێتە نموونەیەك و پەیامی سەیدی مەسیح و پەیامی پێغەمەبەری ئێمە موحەمەد (درووودی خوای لێبێت) گرنگە بەیەکەوە نوێنەرایەتی ڕەحم و بەزەیی و ئاشتی و خۆشەویستی بن.

سەماحەتی ئاماژەی بەو تەگەرە و ڕکابەریانە کرد کە لەماوەی ڕابردوو ڕووبەڕووی عێراق بوونەوە، وەك تیرۆر و داخرانی سیاسی بەڵام عیراق توانی هەموو ئەو ڕکابەریانە بەهۆی ژیری و بەرخودانی کوڕانی تێپەڕبکات، هەروەها دووپاتی کردەوە کە پێویستە ئەو مەسیحیانەی کۆچیان کردوە بۆ دەرەوەی وڵات بەخواستی خۆیان بگەرێنەوە بۆ ئەوەی لە بنیاتنانی وڵاتەکەیان بەشداری بکەن، هەروەها گوتیشی کە مەسیحییەکانی عێراق بەشێکی گرنگی پێکهاتەی گەلی عێراقن و بەژمارەیان ناپێورێن بەڵکو ئەوان بە بری سەنگیان لە دەوڵەمەندکردنی کەلتوور و ڕۆشەنبیری عێراق هەڵسەنگاندیان بۆ دەکرێت.
سەماحەتی ڕوونیکردوە کە خوێندنەوەی ئیسلامی بۆ گەورەی مەسیح و دایکە پاکەکەی کە خانمی مەریەمی عەزڕا یا خود مەریەمی پاکیزەیە سلاوی خوایان لێبێت، قورئانی پیرۆز لە 25 شوێندا باسی گەوری مەسیحی کردوە و لە 34 شوێنیش باسی مەریەمی عەزرای کردوە، ئەوەش بەها و بەرنامەی ئەو کاریگەری مرۆییەی دەردەخات کە جێی هیشتوە سڵاوی خوای لیبێت.

لەکۆتاییشدا سەماحەتی جەختی کردوە لەسەر پاڵپشتی کردنی حکومەت و داوای کرد خزمەتگوزاری پێشکەش بکرێت و کار لەسەر نەهێشتنی گەندەڵی بکرێت بۆ ئەوەی دەستکەوتمان هەبێت و گوتیشی کە میوانداری کردنی عێراق بۆ 25 پاڵەوانێتی جامی کەنداو بەڵگەیەکە لەسەر سەقامگیری عێراق و گەڕانەوەیەتی جارێکی دیکە لەگەڵ برایانی لەکەنداو و بۆ دەوروبەری خۆی لە ناوچەکەدا.